The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# کۆمەڵکوژی ئێزدیەکان لە گرِ عەزیز و سێبا شێخدر تاوانێکی ژینۆسایدکارانەیە

لە رۆژی یەکشەممە بە رێککەوتی 26ی ئۆگستی 2007 دا کۆمەڵەی کەلتوری ئێزدیان بە سازدانی رێپێوانێک لە شاری کۆپنهاگن هەڵسا. سەرەتا ئامادەبوان لە گۆرەپانی Axel Torv ئەکسل تۆرڤ کۆبوونەوە پاشان بە رێپێوان بەرەو پارلەمانی دانیمارک بەرێکەوتن. لە بەردەمی پارلەماندا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر مانەوە، کە لەوێدا بەیان و هۆنراوە بە زمانەکانی کوردی و دانیمارکی و عەرەبی لە لایەن ئامادەکارانەوە خوێندرانەوە. لە بەیان و وتەکاندا پرۆتستۆی کۆمەڵکوژیەکەی دەڤەری شەنگار بەتووندی کرا.
ناوەندی چاک – کۆمیتەی دانیمارک بەشداری رێپێوانەکەی کرد و بەیاننامەی خۆی گەیاندە کۆمیتەی ئامادەکار. شایانی باسە نزیکەی 100 کەس لەم رێپێوانەدا بەشدار بوون.

ئەمەش دەقی بەیاننامەی ناوەندی چاک / کۆمیتەی دانیمارکە:

## کۆمەڵکوژی ئێزدیەکان لە گرِ عەزیز و سێبا شێخدر تاوانێکی ژینۆسایدکارانەیە

تیرۆرستان و شۆڤینیستە دژ بە مرۆڤایەتیەکان لە 14ی ئۆگۆستدا لە هەردوو کۆمەڵگەی گر عەزیز و سێبا شێخدری سەر بە شاری شەنگال لە چوار کردەی دژە مرۆڤانە و گەلکوژانەدا زۆر نارەوایانە و درندانە، ژیانی سەدان خێزانی ئێزدی ئەو دەڤەرەیان وێران کرد. لەو کردەوە نامرۆڤانەیەدا نزیکەی 800 مرۆڤی بێتاوان گیانیان لەدەست دا و 400 ی دیکەش بریندار بوون.

ئەو هێرشە کە لە لایەن تیرۆریستە دژ بە مرۆڤایەتیەکان دژ بە خەڵکی بێتاوانی کوردە ئێزدیەکان ئەنجام درا، هەروا رێککەوت نەبوو، بەڵکو ماوەیەک بوو تیرۆرستان و شۆڤینیستان خۆیان بۆی مەڵاس دابوو و مەبەستیان بوو زیان بە ئێزدیەکان بگەیەنن. چونکە لای ئەوان ئێزدیەکان لە لایەک ئەندامانی سەر بە نەتەوەی کوردن، لە لایەک ئایینیان جودایە و نەموسوڵمانن، بەمجۆرە لە دوو لایەندا بە نەخوازراو و نەویستراو داندراون. ئەو هێرشە زیاتر لە واتا و پرسیارێک هەڵدەگرێت. دوژمنانی ژیان و مرۆڤایەتی بەم کردەوەیان مەبەستی پاکتاوی یەکجاریی ئێزیدیەکان لەو دوو شوینەدا هەبوو، چونکە بیرۆکەی پشتی هێرشەکە لە هزر و باورێکی ژینۆسایدکارانەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەکو پێشتر ناوچە ئێزیدی نشینەکان هەرەشەی لەناوبردنیان لێکراوە. بۆ گەیشتن بە مەبەستی تایبەتیان تیرۆرستان بوونی هێزە کوردیەکان و رێکخراوە سڤیلەکانیان کردۆتە بیانوو.

ئەو کۆمەڵکوژییە درندانەیە، ئاماژەیەکی مەترسیدارە بە کردنەوەی دەرگایەکی دیکەی کوشتار دژی کوردە ئێزدیەکان کە لەوەتەی هەن ئاشتیخوازترین کۆمەڵگەی کوردستان بووین. ئێزدیەکان لە بارێکی ناسکدان و ماوەیەکە لە لایەن گروپە توندرەوو و دژە مرۆڤایەتیەکان زیانیان پێدەگەندرێت و ئەندامانیان لە ناودەبردرێن. بۆیە لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە پارێزگاری، یارمەتی و

پشتگیری کوردستانیان هەیە، دەبێ هەموو هەوڵێک بۆ پاراستنی ئەو کۆمەڵگە ئاشتیخواز و تایبەتە بخرێتەگەڕ.

داوا لە دەسەڵاتی کوردی دەکەین پارێزگاریی هەموو ناوچە ئێزدیەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەمە بەسەر دەسەڵاتی بەغدا دا بسەپێنێت. ناوچە ئێزدیەکان پێویستیان بە هێزی پارێزگاریی گەورەی دلسۆز هەیە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی کوردی ئەوە مسۆگەر بکات و بۆ بەغدا جێی نەهێڵێت.

ئێمە لە کاتێکدا وەکو ناوەندی چاک ئەو هێرشە دڕندانە و ژینۆسایدکارانەیە کە کرایە سەر خوشک و براکانمان بە توندی ڕیسوا دەکەین، داواکارین هەموو پارت و ڕێکخراو و دڵسۆزان هاوکاری و یارمەتی کۆمەڵگەی ئێزدیەکان بکەن و لە ئاستی پێویستدا بن.

جێگای هەڵوەستەیە، ئێستا گەلی کوردستان لە چەند بەرەیەکی دژە کوردستانیانەوە هێرشی دەکرێتە سەر، هەروەکو هەردوو داگیرکەری ئێران و تورکیا نامرۆڤانە ناوچە سنوریەکانی باشوری کوردستان بۆردومان دەکەن و زیانی گیانی و سامانی زۆریان بە خەڵکی سڤیل و بێبەرگری ئەو ناوچانە گەیاندووە. پێمانوایە ئەو هێرشانە لە چەند بەرەیەکەوە بۆسەر گەلی کوردستان و کۆمەڵکوژیەکان هەمووی بە مەبەستی لەبارچواندنی ئەو نیمچە ئازادییەیە کە لە باشوری کوردستاندا بەدی هاتووە.

لە کۆتاییدا داوا لە کوردستانیانی هەندەران دەکەین بە خۆپیشاندان پرۆتستۆی ئەو هێرشانەی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و مرۆڤایەتی بکەن و داوای پاراستنی کوردستان لە کۆمەڵگەی جیهانی بکەن.

ناوەندی چاک – کۆمیتەی دانیمارک
26.08.2007